Ministry of Justice and Security

# گومانی ئەوە هەیە کە تۆ تاوانێکت کردبێت

تۆ وەکوو گومانلێکراو دەستبەسەر کراویت و هێنراویت بۆ وێستگەی پۆلیس، یان بانگهێشت کراویت بۆ ئەوەی دیمانەت لەگەڵ بکرێت.

**Sorani**

**تەمەنت لەنێوان 12 و 18 ساڵ دا یە و کارێکت کردووە کە دژی یاسا یە. بۆ نموونە، خراپکاری، دزی یان هێرشت کردووە. پۆلیس (یان خزمەت یان دەسەڵاتێکی دیکەی لێکۆڵینەوە) دەستبەسەری کردووی و هێناوتی بۆ وێستگەی پۆلیس و ئێستا لەبارەی بابەتەکە لێکۆڵینەوە دەکات. یان داوات لێ کراوە کە بێیت بۆ وێستگەی پۆلیس چونکە پۆلیس دەیهەوێت لەگەڵت دیمانە بکات. دیمانە یانێ ئەوەی کە پۆلیس دەیهەوێت لەگەڵت قسە بکات و چەند پرسیارت لێ بکات. گرنگە کە تۆ بزانیت مافەکانت چین. بۆیە، دەبێ بەوردی ئەم زانیاریانە بخوێنیتەوە. دوای ئەوە هەر پرسیارێکی ترت هەبێت دەتوانیت لە پارێزەرەکەت یان پۆلیس بپرسیت.**

## تۆ دەستگیر کراویت و هێنراویت بۆ وێستگەی پۆلیس

### مافەکانت کامانەن؟

- پۆلیس دەبێ پێت بڵێت کە گومانی چ شتێک لەسەر تۆ هەیە.
- پۆلیس دەبێ نوێنەرێکی یاسایی - پارێزەرێک - بۆ تۆ هەڵبژێرێت. پارێزەر هەمیشە تەنها نوێنەری تۆ یە و هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ پۆلیس نیە. ئەگەر پۆلیس ئامادەکاری بکات بۆ هاتنی پارێزەرێک، ئەوان وردەکاریی تۆ (ناو، ناونیشان، ڕۆژی لەدایکبوون، هتد) دەدەن بە دەستەی یارمەتیی یاسایی (*Raad voor Rechtsbijstand*). دەستەی یارمەتیی یاسایی وردەکاریەکانی تۆ تۆمار دەکات و دەیاندات بە پارێزەرەکەت.

### زانیاری بۆ باوک و دایک، سەرپەرست، بەخێوکەران

گومانی ئەوە هەیە کە منداڵەکەت تاوانێکی کردبێت. ئەم پەڕەی زانیاریە ڕوونی دەکاتەوە کە منداڵەکەت لە ماوەی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دا چ مافگەلێکی هەیە. پێویستە پۆلیس پێت بڵێت کە منداڵەکەت دەستبەسەر کراوە و لە وێستگەی پۆلیس ڕاگیراوە. هەروەها پێویستە پۆلیس لە ماوەی لێکۆڵینەوە دا بەردەوام زانیاریت پێ بدات. دەتوانیت لەگەڵ پۆلیس هەماهەنگی بکەیت بۆ تەلەفۆنکردن بۆ کوڕەکەت یان بۆ سەردانکردنی.

### زانیاریی زیاتر

بۆ زانیاریی زۆرتر، سەردانی www.juridischloket.nl بکە یان تەلەفۆن بکە بۆ 0900 – 8020 (تێچووی پەیوەندی بریتیە لە 0.25 بۆ هەر خولەک).

- تۆ دەبەن بۆ لای یاردەری داواکاری گشتی (*hulpofficier van justitie*) کە کەسێکی پایەبەرزە لە پۆلیس. ئەو پێت دەڵێت کە مافەکانت چین و دەتوانێت پرسیارت لێ بکات. پێویست نیە وەڵامی پرسیارەکانی بدەیتەوە (هەرچەند، ئەگەر بتهەوێت، دەتوانیت وەڵام بدەیتەوە) تۆ مافی ئەوەت هەیە کە هیچ قسە نەکەیت. یاردەری داواکاری گشتی هەروەها پێت دەڵێت دوای ئەمە چی ڕوو دەدات و هەر ئەو بڕیار دەدات کە ئایا پێویستە تۆ لە وێستگەی پۆلیس بمێنیتەوە یان نە.
- پزیشکێک یان کەسێک کە بۆ پزیشکێک کار دەکات دەتوانێت پشکنین بکات بۆ ئەوەی بزانێت ئایا تۆ ئەوەندە تەندروست هەیت کە دیمانەت لەگەڵ بکرێت یان پۆلیس بە جۆرێکی تر لێکۆڵینەوەت بۆ بکات. ئەگەر بیانووی گونجاو هەبێت، پۆلیس، پارێزەر، باوک و دایکی تۆ (سەرپەرست یان بەخێوکەر) یان خودی تۆ دەتوانن داوای پزیشک بکەن. پزیشک دەتوانێت بڵێت کە پێویستە پۆلیس ماوەیەک سەبر بکات پاشان لەگەڵ تۆ دیمانە بکات یان بە شێوەیەکی تر لێکۆڵینەوە بکات. پێویست ناکات پۆلیس ئەمە بکات. پشکنینی پزیشک بەخۆڕاییە.
- ئەگەر تۆ ناتوانیت بە زمانی هۆڵەندی قسە بکەیت یان تێبگەیت، یان کەمێک هۆڵەندی دەزایت، مافی ئەوەت هەیە کە لە وەرگێڕ (وەرگێڕی زارەکی) یارمەتی وەربگریت. وەرگێڕی زارەکی بەخۆڕاییە.
- تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بەڵگەکانی کەیسەکە (ئەو شتانەی کە پۆلیس لەبارەی کەیسەکەت نووسیویە) بخوێنیتەوە. بەڵام، ڕەنگە یاریدەری داواکاری گشتی بڕیار بدات کە لە ئێستا دا تۆ ڕێگەت پێ نادرێت ئەمە بکەیت. ئەگەر لە زمانی هۆڵەندی تێناگەیت، تا کەمێک دەزانیت، مافی ئەوەت هەیە کە گرنگترین بەشەکان بە زمانی خۆت بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی تێبگەیت چی نووسراوە.

## چ شتێکی تر ڕوو دەدات؟

- ڕەنگە پۆلیس بە باوک و دایک (سەرپەرست یان بەخێوکەر)ی تۆ بڵێت کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراویت. ئەگەر باوک و دایک (سەرپەرست یان بەخێوکەر)ت نەبێت یان پۆلیس نەتوانێت پەیوەندییان پێوە بکات، ئەوا لە تۆ پرسیار دەکەن ناوی کەسێکی گەورەساڵ بڵێیت بۆ ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکەن. ئەگەر هیچ کەسێکی گەورەساڵ نەبێت کە بتوانن تەلەفۆنی بۆ بکەن، پۆلیس پەیوەندی دەکات بە دەستەی بەخێوکردن و پاراستنی منداڵ (*Raad voor de Kinderbescherming*).
- دەستەی بەخێوکردن و پاراستنی منداڵ هەروەها دەتوانێت سزا وەیا یارمەتیی گونجاو بۆ تۆ دیاری بکات. بۆ ئەم مەبەستە، ئەوان بارودۆخی تۆ، ئەو شتەی کە کردووتە و ئاستی جددیبوونی ئەو شتەی کە کردووتە لە بەرچاو دەگرن.
- باوک و دایک (سەرپەرست یان بەخێوکەر) دەتوانن تەلەفۆنت بۆ بکەن و لە وێستگەی پۆلیس سەردانت بکەن.
- ئەگەر تۆ جنسیەی هۆڵەندیت نەبێت، دەتوانیت داوا بکەیت لە پۆلیس کە پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەتەوە بکات.

## زیندانیکران لەلایەن پۆلیسەوە

- ئەگەر گومانی ئەوە هەبێت کە تۆ تاوانی بچووکت کردووە، بۆ نموونە جنێو و قسەی ناشیرینت کردبێت، پۆلیس دەتوانێت هەتا ٦ کاتژمێر ڕاتبگرێت. ئەم ماوەی شەو (واتە لە کاتژمێر 00:00 هەتا 09.00) ناگرێتەوە. دوای ئەمە، پۆلیس دەتوانێت ئازادت بکات.
- ئەگەر گومانی ئەوە هەبێت کە تۆ تاوانی جددیت کردووە، (بۆ نموونە، خراپکاری، دزی یان هێرش)، پۆلیس دەتوانێت هەتا ٩ کاتژمێر ڕاتبگرێت. ئەمەش ماوەی شەو (واتە لە کاتژمێر 00:00 هەتا 09.00) ناگرێتەوە. دوای ئەمە، بڕیار دەدرێت کە پێویستە بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەستبەسەر بکرێیت یان نە. زۆرترین درێژکردنەوە بۆ ماوەی دەستەبسەرکردن ٣ ڕۆژە (بەمە دەڵێن هێشتنەوە لای پۆلیس (*inverzekeringstelling*)).
- ئەگەر شەو دەستبەسەرت بکەن، پۆلیس دەتوانێت بڕیار بدات کە دواتر لەگەڵت دیمانە بکات. لەم حاڵەتە دا، ڕۆژی دوای ئەوە، پۆلیس لە وێستگەی پۆلیس لەگەڵ تۆ و باوک و دایک (سەرپەرست یان بەخێوکەر)ی تۆ چاوپێکەوتن دەکات. پێویستە لە وەختی دیاریکراو لەم چاوپێکەوتنە ئامادە بیت.
- ئەگەر لای پۆلیس بتهێڵنەوە، ڕەنگە هەندێ جار ڕێگەت پێ درێت کە لە شوێنێکی تر بخەویت، بۆ نموونە لە ماڵەوە. لە ماوەی ڕۆژ دا هەر لە وێستگەی پۆلیس ڕاتدەگرن. پۆلیس و داواکاری گشتی بڕیار دەدەن کە ئایا ئەمە مومکینە یان نە. بڕیاری هێشتنەوە لای پۆلیس بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەبێ لەلایەن دادوەری ناوچەوە بدرێت.
- ئەگەر نارازیت لە دەستگیرکردنت یان هێشتنەوەت بۆ ماوەیەکی زیاتر، دەبێ لە پارێزەرەکەت پرسیار بکەیت کە چی بکەیت.
- ئەگەر هەست بە نەخۆشین دەکەیت، پێویستە بە پارێزەرەکەت یان پۆلیس بڵێیت. پۆلیس ئامادە کاری دەکات بۆ ئەوەی پزیشک بتبینێت یان دەرمانت پێ بدرێت.
- هەرکاتێک پێویست نەبێت ئیتر لای پۆلیس بمێنیتەوە، دەبێ ئازادت بکەن.

## پارێزەر

- ئەگەر لە وێستگەی پۆلیس دەستبەسەر کرابیت، پۆلیس ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی پارێزەرت هەبێت. پارێزەرێک لەوێ دەبێت بۆ تۆ و تەنیا ئەو شتانە دەکات کە ئێوە دوانە پێکەوە باستان کردووە.
- ئەگەر پارێزەرێک دەناسیت و دەتهەوێت بیبینیت، پێویستە بە پۆلیس بڵێیت. ئەوان بە نوێنەرایەتیی تۆ پەیوەندیی پێوە دەکەن.
- بە زووترین کات، پارێزەرێک دێت کە ڕێنماییت پێ بدات. پێویستە سەبر بکەیت هەتا پارێزەر دێت: ڕەنگە نزیکەی ٢ کاتژمێری پێ بچێت. کاتێک تۆ لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە دەکەیت، پۆلیس گوێتان لێ ناگرێت. پارێزەر ناتوانێت هیچ بەشێک لە قسەکانی لەگەڵ تۆ لای کەسێکی، لەوانە پۆلیس، باس بکات. پارێزەر تەنیا بە ئیزنی تۆ ئەمە دەکات. ئەگەر لە کاتی قسەکردن لەگەڵ پارێزەر، وەرگێڕی زارەکی یارمەتیی تۆی دابێت، ئەو ناتوانێت قسەکانتان لای پۆلیس بڵێت.
- ئەگەر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراویت، ئاساییانە پارێزەر بەخۆڕاییە. ئەگەر دەستگیر نەکراویت، بەڵام داوات لێ کراوە کە سەردانی وێستگەی پۆلیس بکەیت بۆ ئەوەی یارمەتیی پۆلیس بدەیت لە لێکۆڵینەوەکانیان دا، پارێزەر بەخۆڕایی نیە. هەمیشە لە پارێزەرەکەت پرسیار بکە کە ئایا ئەو بەخۆڕایی یارمەتیت دەدات یان نە.

## دیمانە

## قسەکردن لەگەڵ پۆلیس

- پۆلیس لەگەڵت قسە دەکات و چەند پرسیارت لێ دەکات. بەمە دەڵێن دیمانە.
- پێویست نیە وەڵامی پرسیارەکانی پۆلیس بدەیتەوە (هەرچەند، ئەگەر بتهەوێت، دەتوانیت وەڵام بدەیتەوە). تۆ مافی ئەوەت هەیە کە هیچ قسە نەکەیت.

### 1. بەرلە دیمانە

- بەرلەوەی پۆلیس پرسیارت لێ بکات، سەرەتا دەرفەتی ئەوەت هەیە کە لەگەڵ پارێزەرەکەت لەبارەی ئەو شتەی کە رووی داوە قسە بکەیت. دەتوانیت نزیکەی نیوکاتژمێر لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە بکەیت. ئەگەر پێویست بێت، دەکرێ کاتی زۆرترت پێ بدرێت.
- ئەگەر پێویست بێت، لە کاتی قسەکردن لەگەڵ پارێزەرەکەت، دەکرێ وەرگێری زارەکی یارمەتیت بدات.
- پارێزەر پێت دەڵێت کە لە ماوەی دیمانە دا دەبێ چاوەڕوانی چ شتێک بکەیت و ئامۆژگاریت دەکات لەبارەی ئەوەی کە چی بکەیت یان چی بڵێیت بە پۆلیس. پارێزەر هەروەها دەتوانێت پەیوەندی بکات بە خێزانی تۆ، سەرۆکی تۆ لە شوێنی کارەکەت یان شوێنی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ئەوەی پێیان بڵێت کە تۆ لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراویت. پارێزەر تەنیا بە ئیزنی تۆ ئەمە دەکات.

### 2. لە ماوەی دیمانە دا

- ئەگەر لە پۆلیس تێناگەیت بە دەنگی بەرز بڵێ پۆلیس دەبێت بە شێوەیەکی تر بابەتەکت بۆ روون بکاتەوە.
- ئەگەر پێویست بێت، لە ماوەی دیمانە دا، دەکرێ وەرگێڕی زارەکی یارمەتیت بدات.

## لە ماوەی دیمانە دا پارێزەر نوێنەری تۆ یە

لە ژووری دیمانە دا پارێزەرێک لە تەنیشتی تۆ دادەنیشێت و دەتوانێت:

- لە ماوەی دیمانە دا لەوێ بێت؛
- لە سەرەتا و کۆتایی دیمانە دا بیروڕای خۆی بڵێت؛
- پرسیار بکات لە پۆلیس؛
- لە تۆ بپرسێت کە ئایا تێدەگەیت لەو شتانەی کە دەوترێن؛
- دڵنیایی بکات لەوەی کە تۆ ناچار ناکرێیت کە شتێک بڵێیت؛
- دڵنیایی بکات کە پۆلیس تۆ ناترسێنێت؛
- داوای هەڵسپاردنی دیمانەکە بکات. ئەمە دەرفەتی ئەوە دەدات بە پارێزەر کە لەگەڵ تۆ قسە بکات. هەروەها دەتوانیت داوا بکەیت کە بەتەنیا خۆت لەگەڵ پارێزەر قسە بکەیت. ئەگەر یەکجار زۆر داوای ئەمە بکەیت، پۆلیس دەتوانێت ڕەتی بکاتەوە.

## تۆمارکردن یان فیلمگرتن لە دیمانەکە

- هەندێ جار دەبێ پۆلیس بە کامێرە وەیا مایکرۆفۆن دیمانەیەک تۆمار بکات. بۆ نموونە، ئەگەر تاوانێت بکرێت کە تێدا کەسێک یان چەند کەس بەجددی بریندار بن. ئەمە کۆمەڵێک ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەر پۆلیس بیهەوێت تۆماری دەنگ یان ڤیدیۆ لە دیمانەکە هەڵبگرێت، دەبێ سەرەتا بە تۆ بڵێت.

## ئامادەبوونی کەسی جێباوەڕ لە ماوەی دیمانە دا

- هەروەها، کەسێک کە تۆ باوەڕت پێی هەیە (کەسێکی جێباوەڕ) دەتوانێت لە تەواوی ئەو دیمانانەی کە پۆلیس لەگەڵت دەیکات ئامادە بێت. بۆ نموونە، باوکت یان دایکت، یان گەورەساڵێکی تر. ئەگەر دەتهەوێت کەسێکی جێباوەڕ ئامادە بێت، بە پۆلیس بڵێ. ئەوەی کە داوا بکەیت کەسێکی جێباوەڕ لە ماوەی دیمانە دا دا ئامادە بێت، شتێکی ئیجباری نیە و دەتوانی داوا نەکەیت.
- کەسی جێباوەڕ تەنیا دەتوانێت گوێ بگرێت، ئەو دەتوانێت نزیکی تۆ دانیشێت بەڵام ناتوانێت هیچ بڵێت. کەسی جێباوەڕ دەبێ تەمەنی ١٨ ساڵ یان زۆرتر بێت و نابێت هیچ پەیوەندیەکی بەو تاوانەوە هەبێت کە تێدا تۆ گومانلێکراو یت.
- هەندێجار پۆلیس دەتوانێت ڕێگە نەدات کەسێکی جێباوەڕ لە ماوەی دیمانە دا دا ئامادە بێت. بۆ ئەمە، پۆلیس دەبێ سەرەتا لە داواکاری گشتی ئیزن وەربگرێت.

## ڕاپۆرت

- ڕاپۆرتێک لە هەر دیمانەیەک ئامادە دەکرێت. بەمە دەڵێن ڕاپۆرتی پۆلیس (proces-verbaal). ئەمە تۆمارێکی گرنگە لەو شتانەی کە لە ماوەی دیمانە دا بە پۆلیست وتووە. ئەمە گێڕانەوە (ڕیوایەت)ی تۆیە لەو شتەی کە رووی داوە.
- دواتر داواکاری گشتی، و هەندێ جاریش بە دوای ئەو دا دادوەری ناوچە، ئەو شتانە دەخوێنێتەوە کە لای پۆلیس وتووتە. لەبەر ئەمە، زۆر گرنگە بەوردی هەموو ئەو شتانەی کە نووسراون بخوێنیتەوە. ئەگەر بۆ خوێندنەوە کێشەت هەیە، لە پۆلیس داوا بکە بیخوێنێتەوە بۆت.
- ئەگەر پێتوایە ئەو شتانەی کە وتووتە بە دروستی لە ڕاپۆرتەکە دا نووسراون، پۆلیس داوات لێ دەکات لەژێر ڕاپۆرتەکە دا ناوت بنووسیت و واژۆی بکەیت. ئەگەر پێتوایە ئەو شتانەی کە وتووتە بە دروستی لە ڕاپۆرتەکە دا نەنووسراون، دەتوانیت لە پۆلیس داوا بکەیت کە بیگۆڕێت و تێبینیەکانیشت لەگەڵ گۆڕانکاریەکە بنووسێت. پارێزەریش دەتوانێت پشکنین بکات بۆ ئەوەی بزانێت ئایا پۆلیس بە دروستی وتەکانی تۆی نووسیوە، و سەبارەت بەمە یارمەتیت بدات.

**زانیاریەکانی ئەم بڵاوکراوەیە:**
ئەم زانیاریانە ئامادە کراون لەلایەن:
وەزارەتی داد و ئاسایش
PO Box 20301 | 2500 EH The Hague
جوونی 2019 | 121846

POLITIE